www.kurdistannet.org
12:45 2007-5-24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە نیشتمانەکەی ڕەیاندا* ... ڕووناک شوانی

بە دەستم بێ نیشتمانێک، نیشتمانی ئارەزووە تاساوەکان بۆ منداڵانی ئەم شار چێدەکەم، نیشتمانێک پڕ بێ لە گوڵ و پەپوولە، یاری جوان و بووکە شووشە، تژی لە میهر و هیوا و خۆشەویستی بۆ ژیان، تاقگە و کانی و قەڵوەزەی ڕووبار دڵە چکۆلەکەیان فێنک بکاتەوە، با منداڵانی شارە تینووەکەم لە دەریاچەی ئاسوودەیی مەلە بکەن. ئاسمانەکەی ڕازاوە بێ بە ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە، باخچەی پڕ لە گوڵزار و چیمەن، دارستانی کاژ و شۆڕەبی ئەم نیشتمانە بڕازێنێتەوە. ماڵەکانیان پڕ بن لە گڵۆپی ڕەنگا و ڕەنگ، نەک خوا نەکەردە چاوە گەشەکانیان لەبەر تروسکە تروسکی چرا بگلێ. ڕەیان ئەکەم بە شازادەی وڵات و تاجە گوڵینەی لەسەر ئەکەم، قژە جوانەکەی لەگەڵ چڵی نێرگز و مینا ئەهۆنمەوە کراسێکی پەمەیی بە باڵای خۆی بۆ ئەدرووم. لە فرمێسکەکانی ئیلهام* ملوانکەی مرواری بۆ ئەچنم. کە شەو داهات گوێی منداڵان پڕ ئەکەم لە مۆسیقا و چیرۆکی شادی، بە جێگەی شریخەی تفەنگ تریفەی مانگە شەو ئەکەم بە لایلایە، با خەو بە دنیای ڕەنگا و ڕەنگی خۆیانەوە ببینن، بە گورگانە شەوێ ئێژم گورگانە شەوێ... گورگانە شەوێ... لە نیشتمانەکەی ڕەیان دوورەوە بکەوە، بڕۆ بۆ لای دالاشەکان، شەمشەمە کوێرە و کاوبۆی و گەندەڵکاران، ئەوانەی هەریەکەیان کەڵبەی لە لەتێک لە جەستەی شەکەتی شار گیرکردووە. گورگانە شەوێ، خۆزگە بەو شەوانە ئەخوازم کە نەنە گیان چیرۆکی تۆی بۆ ئەگێڕامەوە، ئەو ساتانەی خۆم لە باوەشی گەرمی گیر ئەکرد دڵنیایی پێ ئەبەخشیم، ئای دڵنیایی چۆن بۆ یەکجاری مانئاواییت لێکردین؟؟ ئێستا شارم پڕە لە گورگی برسی و هار... گورگ بە ڕەنگ و بەرگی جۆرا و جۆر. گورگانە شەوێ بڕۆ... بڕۆ... ئێرە جێگەی تۆ نییە، منداڵانی ئەم نیشتمانە بێترس ئەڕۆن لە دوکانی سەر کۆڵانەکە نوقڵ و شیرینی ئەکڕن، چیتر لەوە ناترسن لە دایە وبابەیان بڕفێنن، یان بە تفەنگی کاوبۆی و تیرۆریستان ئەنفال بکرێن. خوێندنگەی نیشتمانی منداڵان بێئاو و کارەبا و کورسی نییە، مامۆستای دلۆقان ئەلف و بێی ئازادی ئەڵێتەوە، لە کتێبی ڕەنگا و ڕەنگدا ڕێگەی ژیانیان ڕووناک ئەکاتەوە، دارا بە جێی دوو دار دارستان ئەبینێ، داو بۆ مەل ڕاو کردن نییە، چۆلەکەکان ئازادانە دەفڕن، هاوڕێکانی ڕەیان هەموو ڕۆژێ سروودی ژیان بۆ دواڕۆژ ئەڵێنەوە. ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ ماڵ بێترس ئەبڕن، لە هەموو شوێنێک ئەتوانن ماڵە باجێنە و هەڵبەز و دابەز بکەن، ئاخر منداڵ جگە لە ئاسوودەیی و باوەشی دڵنیایی نەبێ هیچی ناوێ. زێڕی ڕەش و ژیانی ڕەش و تاڵی بۆ چییە؟؟ با هەمووی ببەن بۆ خۆیان، لێیانگەڕێن لە نیشتمانەکەی ڕەیاندا بێترس بە ئاسوودەیی بژین.

2007/5/19

ستۆکهۆڵم

تێبینی / * ڕەیان، کیژۆڵەیەکی کەرکووکی بوو لە ڕۆژی 5/7 لە شاری کەرکووک بە دەستی سەربازە ئەمریکاییەکان جوانەمەرگ کرا.

* ئیلهام / دایکی ڕەیانە.

* ئەم بابەتە لە ژمارە 164 ی ڕۆژی 2007/5/22 ی هەفتەنامەی کەرکووکی ئەمڕۆ بڵاوکراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.